وەزیری ناوخۆ جەخت لە گرنگی کارکردن لە ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی عێراق و ئێران کردەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ،جەختی لە گرنگی کارکردن لە ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی عێراق و ئێران کردەوە.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاندووە:- ئەمڕۆ "عەبدولئەمیر شەمری"وەزیری ناوخۆ ،لە بارەگای هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی، چاوپێکەوت بۆ "لیوا "محەمەد باقری" سەرکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- لە سەرەتای دیدارەکەدا وەزیری ناوخۆ بەخێرهاتنی باقری کرد و گفتوگۆیان کرد لەسەر بابەتی جێی بایەخی هاوبەشی هەردوولا، لە پێش هەموویانەوە هەماهەنگی و هاوکاری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ.

بەپێی بەیاننامەکە شەمری جەختی کردەوە لەسەر گرنگی کارکردن لە ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی هەردوو وڵات، بەتایبەتی ئاسایشی سنووری عێراق و ئێران و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارکردن لە بواری هەواڵگرییدا.

لای خۆیەوە سەرکی ئەرکانی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئێران سوپاسی وەزیری ناوخۆی کرد بۆ گرنگیدانی بە سەرخستنی سەردانی زیارەتکەران بەتایبەت چلە،و ئەو پێشوازییە باش و گەرمە ، هەروەک جەختی

کردووە کە لە سەردانەکەیدا پەرەشی خۆی بە پشتگیریکردن لە ئاسایش و سەقامگیری عێراق و کارکردن بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورە نەوتییە هاوبەشەکان کردتەوە .